

# دەسکە گوڵی دەستی خانمانی بووک

ڕۆژی ئاهەنگی بووك بۆ گشـــت خانمێـــك گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە، بۆیە دەبێ لەم ڕۆژەدا خانمان وەك شـــازادەیەك دەربکەون، ئەمەش پێویستی بە ئامادەکاری دەبێ، لە ڕێگەی کەرەستە و جلەکانی ئەو ڕۆژە، دەتوانین ســـتایلێکی بەرز و ناســـك بەدی بکەین، کاتێك کە کەرەستەکان و شێوازەکان بە جوانترین شێوە دەبن، لێرەدا توانای مۆدەیەکی تایبەتمەند و ڕازاوەمان دەبێ، تەنانەت کەرەســـتەیەك یان ئێکسسوارێك دەتوانێ ســـوودێکی گەورە ببینێ لەم ڕۆژەدا، یەکێك لەو ئێکسسوارانە بریتییە لە گوڵی دەستی بووك، کە شیاوترین مۆدەیە لە ستایلە تازەکانی جلوبەرگ و کەرەســـتەکانی بووك، بەمەش دەتوانین دەســـکە گوڵێکی ڕازاوە لە دەســـتی خانمی بووك ببینین، کە شـــێوە و دیمەنێکی شایستە بە دەســـتی بووك بدات، لەگەڵ ئەوەشدا خانمی بووك دەستی بە گوڵەوە دەبێ و بەتاڵ نابێ، چونکە کاتێك دەســـتی خانمی بووك بەتاڵ دەبێ، ئیتـــر دەبێ لە خوارەوە بێ، بۆیە دانانی گوڵ مۆدەیەکی شایســـتەیە و تایبەتمەندی خۆی هەیە لەم ڕۆژەدا.

## ئێکسسوارە ڕەنگ سەوزەکان

گشـــت ئێکسسوارێك دەبێ لە مۆدە و ستایلێکی تایبەتـــەوە کاری بۆ بکرێ، ئەمـــەش بە تایبەت کاتێك ئێکسسوارەکان پێوەندییان بە جوانترین مۆدەوە هەبـــێ، لەم لایەنـــەوە خانمان دەبێ ئـــاگاداری چەندین لایەن بن بـــۆ هەڵبژاردنی جۆری ئێکســـسوارەکان، هەروەها پێویستە شێوازی ڕەنگی ئێکســـسوارەکان بـــە جوانترین شـــێوە بێ، بە تایبەت کاتێك کەرەستەکان لە دەستەیەك دەبن، واتـــە بریتیی دەبێ لە (گوارە و ملوانکـــە و بازنگ)، کاتێك ئەو ئێکسسوارانە یەك ڕەنگ بن، بێگومان ستایلێکی هاوشێوە دەبەخشن، تەنانەت دەبێتە جێگـــەی جوانییەکی بەرز، لەگەڵ گشت جۆرە ماکیاژەکان دەگونجـــێ، بـــە تایبـــەت کاتێك کە ڕەنگەکانیـــان هاوڕەنـــگ دەبـــن، لێرەدا ئێکســـسوارەکانی ڕەنگی سەوز، هێمای جوانییەکـــی نەرم و کراوە دەبەخشـــن، تەنانەت ئـــەو ڕەنگە لە دوور و نزیکـــدا دەردەکـــەوێ، بۆیـــە جوانترین مۆدەکانـــی جوانـــکاری لێوە دەردەچـــێ و شـــایانی ستایلێکی شایستە دەبێ.







## تازەترین تەسریحەکان بۆ وەرزی هاوین

تەســـریحەکان بـــە چەندین مۆدەی جـــوان و ڕازاوە کاریان بۆ دەکرێ، تەنانەت بوونی ســـتایلێکی تازە و تایبەت دەبێتە مایەی جوانییەکی ڕازاوە بۆ قژی خانمان، زۆری تەســـریحەکان وادەکەن کە خانمان بە گوێرەی ئەو ستایلەوە قژیان ئامادە بکەن کە بەپێی جوانـــی و ڕازاوەیی ئەو کاتە بێ، هەندێك لە تەســـریحەکان بۆ گشت کاتەکان دەگونجێن و دیمەنێکی کراوە و جوانیان هەیە، ئەو جۆرە ستایلە پێی دەڵێن (ســـەرح) کە زیاتر لە دواوە دەبەسترێ، شـــێوەی پێشەوەی ســـادەیە، بەڵام زیاتر کاری جوانکارییەکەیان خســـتۆتە دواوە، ئـــەم جۆرە تەســـریحەیە بۆ کاتـــی ئاهەنگی تایبەت و بووك زیاتر دادەنرێ، بەڵام دەکرێ بۆ ماڵەوە و شـــوێنە تایبەتەکانیـــش ئامادەبکرێ، دیمەنێکی ناســـك و ڕەوای هەیە، لەگەڵ ئەوەشـــدا گرنگی بە بەشـــی دواوە دەدات، لێرەدا کارەکە ئاسانە و بە شێوەیەکی ســـادە لە پێشەوە دەست پێدەکرێ و دواتر مۆدەی پشتەوەی پێچەوانەی پێشەوە دەبێ، بەمەش دەتوانین یەك لە جوانترین تەســـریحەکان وەك مۆدەیەکی کراوە و سەرحی شێوە دواوە بە قژی خانمان ببەخشین.



# مۆدەی پەردە کلاسیکیەکان لە کوردستان

بۆ دیکۆری ماڵ لەرێگەی شـێوازی جیاو تایبەت لە مۆدەی کەلوپەلەکان دەتوانین جوانی بە ژوورەکان ببەخشین، کە ئەمەش دەبێ بە شێوازێك بێ لەگەڵ سـتایلی دیکۆری ماڵ بگونجێ و تایبەتمەند و شـیاوی کراوەیی بێ، لێرەدا شێوازی دیکۆر بە هەنگاوێك گۆڕانکاری بەسەردا دێ و بەمەش دەبێتە جوانترین یەکێك لە دیکۆرەکان، یەکێك لەو کەرەسـتانەی کە ماڵ پێوەی دەنازێ، هەروەها گرنگترین بەشەکانە لە جوانکاری ماڵ، ئەویش (پەردە)ی پەنجەرەکانە.

مۆدەی پەردەکان گۆڕانکارییان بەسـەردا هاتـووە و لەگەڵ مۆدە تازەکان و شـێوەی تازە و نوێ دەرکەوتووە، کەچی مۆدە کلاسـیکەکانیش ئاوێتەی مۆدە تازەکان دەکەن و گرنگی و جوانی خۆیان لەدەسـت نادەن، بۆیە ئێسـتاش مۆدە کلاسـیکەکان باوێکی زۆریان هەیە لە کوردستان، کە مۆدەیەکی رازاوە و جوانە، بە تایبەت کاتێك بە شـێوازێك دەبێ، کـە لەگەڵ دیمەنی پەنجەرە دەگونجێ و دیمەنێکی جوان و رازاوەش دەبەخشـێ، گرنگترین لایـەن بۆ پەردە، بریتییە لە رەنگەکەی، بەڵام هەوڵبدەن کە دیمەنێکی کراوە و قوماشەکەی زۆر بێ، ئەوەندە کەم نەبێ، کە بە تەسکی دەربکەوێ و ناشایستەی بکات.







# جلوبەرگی خانمە بەنازەکان

هەندێك لە خانمان هەن کە بەشێوازێکی ناسك و بەناز جلەکان دەپۆشن، هەردەم نازیشـی پێوە دەکەن، یان هەندێك خانمان هەن کە خۆیان بە نازن، ئیتر پێویسـتیان بەو جۆرە جلانەیە کـە نازیان دەردەخات، چەندین جۆرە جلوبەرگ هەن، هەر یەکە بۆ شوێن و کاتێکی دیاریکراو دادەنرێ، کەچی زۆرجار دەبێ جلەکان بەپێ پێویست نابن و دیمەنی خۆیان نابەخشن، بۆیە دەکرێ سـوود لەو جلانە وەربگرین کە شایستەی ئەو کات و شوێنەن کە بۆی دیاریکراوە، یەکێك لە جلەکان هێمایەکە بۆ دەرخسـتنی نـاز و مەکری کچان، ئەمـەش وادەکات کە بەجوانترین و شایستەترین شێواز دەربکەوێ، هەروەها دیمەنێکی رازاوە و کراوەش بە جەستەی خانمان دەبەخشێ، بە تایبەت ئەو کچانەی لە تەمەنی تـازەدان و بەرەو جلی مۆدێرن دەچن، ئەمەش بەپێی جەستەی ئەو خانمانە دەبێ، زیاتریـش دەبێ لەگەڵ سـیما و نەشـونمای رووخسـاری بگونجێ، بەمەش دەتوانین جوانتریـن جلوبەرگ بـۆ خانمانـی تازە پێگەیشـتوو دیاری بکەیـن، بـە تایبەت ئەوانـەی تازە دەگەنە قۆناغـی هەرزەکاری، جلـی لـەم جۆرە شێوەیەکی منداڵانە و بەنازیـی دەبخەشێتە جەستەی خانمان، بۆیـە دەکرێ خانمان بـۆ وەرزی گەرما و مۆدەی تازەی جلوبەرگ، سـوود لەم ستایلانە وەربگرن.






# تەنووری کوردان خەرمانێکی بە پێز



تەندوور کەرەسەیەکی کوردەواری کۆنە و بۆ کاری نان کردن و نان برژاندن بەکاردەهێنری، چۆنیەتی دروستکردنی، سەرەتا (خۆڵەسۆر) دەهێنرێ و دەشێلدرێت بە دەست و قاچ، دواتر برێك (کا) دەهێنرێ و ورد دەکرێ و دەخرێتە سەر قوڕەکە کە دوای ئەوەی خۆڵەکە بە ئاو تەڕ دەکرێ و دەکرێتە قوڕ، دانانی ئەو (کا)یە بۆ ئەوەی نەتەقێ و توند بێ، لە کوردەواری خۆمان پێی دەڵێن (نەقەرەشێ) واتە دەرزی بچووکی تێدا دەرنەکەوێ، بە مەرجێك دەبێ خۆڵەکە باش بێ و تایبەت بێ، دواتر کەمێك (خوێ)ی تێدەکرێ تاوەکو قوڕەکە جیڕ بێ و یەکتر بگرێ. دواتر دادەنرێ و هەرچوار دەورەی بە خشت یان کەرپووچ دادەپۆشرێ، تاوەکو شێوەی خڕ بێ و ببێتە چاڵێکی بچووک، پاشان لە خوارەوە کونێکی لێ دەکرێ بۆ فڕێدانی پاشماوەی ئاگر و وەرگرتنی هەوا، بۆ کردنەوەی ئاگری تەندوور دار و بەروبوومی ئاژەڵان دەخرێتە ناوی، پاشان هەویر دەهێنرێ و دەخرێتە ناوی بە شێوەی نانی بچووك و دەخرێتە ناو تەندوورەکە و بەلایەکانی تەندوور لێدەدەرێ، تاوەکو نانەکە دەبرژێ و دەهێنرێتە دەرەوە، زیرەکی کورد لەوەدایە کە کارەکانیان بە ئاسانی و جوانی کردووە، نانی تەندووریش پێی دەڵێن (ئەستورك)ی تەندوور کە تامێکی سروشتی و خۆشی هەیە، هەروەها دەکرێ کتری چای بخرێتە ناو تەندوورەکەوە کە بە ئاگرێکی سروشتی دەکوڵێت و چایەکی خۆشیش دەبێ.



# زمان درێژترێن ئافرەت!

ماوەیەك لەمەوبەر باسی ئەو کوڕە گەنجەمان کرد کە درێژی زمانی زیاتر بوو لە (١٦) سەنتیمەتر، کەچی وادیارە کچێك دەیەوێ کێبڕکێی ئەو کوڕە بکات، چونکە ئەویش خاوەن زمانێکی درێژە، مەبەست نەوەك لە زۆر بلێ، بەڵکو لەدرێژی زمانی لەناو دەمییەوە، ئەو کچە خەڵکی نیوزیلەندایە و ناوی (کانا)یە، تەمەنی (٢٧) ساڵە، درێژی زمانی لەناو دەمییەوە و تاوەکو دەرەوە دەگاتە (٢١) سەنتیمەتر، کە ڕێژەیەکی زۆرە لە بەرانبەر زمانی مرۆڤێکی ئاسایی، ئەوەی سەیرە، ئەو خانمە دەتوانێ زمانی لە دەرەوە گرێیەك لێبدات و بیبەستێتەوە، ئەمەش بۆ ئەوە باشە کاتێك پێی دەڵێن (زمانت بگرە، سەرت ڕەحەت دەبێ)، ئەو کچەش نەوەك تەنیا دەیگرێ، بەڵکو گرێ کوێرەیەکیشی لێدەدات.

# دارچین خواردنێکی سوودبەخش و بۆن خۆش

کاتێك چایەك دەخۆیتەوە کە دارچینی تێکراوە، بێگومان هەست بە تامێکی خۆش دەکەی، کە ئەویش زیاتر بۆنی دارچینەکەیە کە تامی چاکەی گۆڕیوە، ئەمەش کە ساڵانێکی زۆرە کورد دارچین بەکاردەهێنێ بۆ زۆبەی لایەنەکانی خواردن و یان سوود وەرگرتنی وەك بەکارهێنانی لەناو چای یان بۆ کاری دیکە. هەروەها دارچین سوودی هەیە لە بواری تەندروستی کە رازو نیشانەی تەندروستییە، گورچیلەکان گەرم دەکات، لاوازی کەمەر و پێیەکان لەناو دەبات، چارەسەری کەم خوێنی دەکات، دەرمانێکی بۆن خۆشە، باشترین چارەسەری ئێشی ماسولکەکانە، دارچین ئارامبەخشە، تاو لەرزە دادەبەزێنێت، خوێن پاک دەکات، دارچین وەک سیستەمی پاراستنی لەش وایە، میکرۆب کوژە، کاریگەری دارچین وەکو پنسیلین و ئەنتی بیوتیک وایە، ئەگەر هەستت کرد لاواز بویتە دارچین بە کاربێنە. بۆ هەڵامەت زۆر بەکەلکە، دارچین گەدە پاک دەکاتەوە لە پاشماوەی خواردنی پیس، بۆیە سوودێکی گەورەی هەیە بۆ مرۆڤ، هەروەها لەلایەن کوردەوە بە ڕێژەیەکی زۆر بەکاردەهێنرێ و نرخیشی گرانە لە بەرانبەر کەرەسەکانی دیکە.




# پیاوانیش شیر بە منداڵ دەدەن

بەهۆی سەرقاڵی خانمانەوە، دەبێ پیاوان گرنگی بە منداڵ بدەن و ئاگاداریان بن، ئەمەش کاتێك ئافرەتەکە یان دایکی منداڵ بە کارێکی تایبەتەوە ناتوانێ منداڵەکەی لەلابێ، بە تایبەت ئافرەتانی کارمەند و فەرمانبەر، زیاتر کاتێك منداڵ لە تەمەنی (٢) ساڵ کەمتر دەبێ، کە لەو کاتە پێویستی بە خواردنی شیری دایکیەوە دەبێ، ئەی ئەگەر دایکەکە لەو کاتە ئامادە نەبێ کە منداڵەکە برسی دەبێ، بۆیە چارەسەری بۆ ئەو لایەنەش



دانراوە، ئەمەش بە دروستکردنی دوو مەمەی شێوە ناوەندی، کە پیاو دەتوانن لە سینگی خۆیان بخەن، وەك ئەوەی ئافرەتانەوە دەبێ و بەم شێوەیە دەکرێ فێلێك لە منداڵ بکرێ و بتوانێ شیرەکە لە قوتووە بچووکانی سەر سینگی باوکییەوە بخوات، وەك ئەوەی دایکی بێ، ئەو پیاوەی دەیبینن یەکێکە لە کەسایەتییە سیاسییەکانی وڵاتی چین، کە ئەو جۆرە شیردانە تاقی دەکاتەوە.



# یارییە خۆشەکەی وڵاتی ئیسپانیا!

ڕۆژی هەینی ڕابردوو وەکو نەریتێکی ساڵانە لە وڵاتی ئیسپانیا، یاری (گا) بەربوونی سەر شەقامەکانی ئەو وڵاتە ئەنجام درا، کە یارییەکی خۆش و بەچێژە، لەم یارییەدا چەند (گا)یەکی سەر شێت، لە بازاڕ و شەقامەکانی چەند شارێکی ئەو وڵاتە بەردەدرێن و ئیتر بەدوای خەڵك دەکەون، ئەوەی خۆشە کەس لەم کاتە نایێتە برای کەس، هەر یەکە خەمی خۆیەتی و تاوەکو لە شاخە تیژەکانی گایەکان دەربازیان ببێ، کەچی وادیارە قوربانیی ئەمساڵی ئەم یارییە گەنجێکی وڵاتی ئوستوڕالیا بوو، کە بە سەردان چۆتە ئیسپانیا، مێژووی ئەو یارییە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٢٤) و تاوەکو ئێستا نزیکەی (١٥) کەس مردوون لەم یاریە جەماوەرییەدا.





# درێژترین ئافرەتی جیهان

مرۆڤ بە بەهرە و کاری سەیر دەبێتە جێی سەرسوڕمانی و سەرنجڕاکێشی لای کەسانی دیکە، زۆرجار جوانیەك دەبەخشن کە بە بینینیان دڵخۆش و سەرسام دەبین، زۆرجاریش وابووە ئەو کەسانەی کە لای ئێمە سەرنجڕاکێشن سروشتی یاخود پێکهاتەی جەستەیان جیاوازە لە کەسانی ئاسایی، بۆ نموونە هەیانە باڵایان زۆر کورتەو هەشیانە بە پێچەوانەوە، یاخود زۆر قەڵەوە، بەڵام ئەوەی کە لە وێنەکە دەیبینن درێژترین ئافرەتی جیهانە، دیمەنێکی سەیر دەردەخات ئەو ئافرەتە لە وڵاتی تایلاند دەژی و ناوی (مالی دوانگیدی) یە و تەمەنی (١٩) ساڵە، درێژییەکی بێ هاوتای هەیە کە هەر کەسێ لەلای بوەستێ لە پەنای خۆیەوە دەیشارێتەوە، درێژی باڵای دەگاتە (٢٠٨)سەنتیمەتر، واتە زیاتر لە دوو مەتر، ئەوەی سەیرە لەگەڵ ئەوەی ئەو ئافرەتە درێژە، هەروەها جەستەیەکی پتەوی هەیە کە دوو ئەوەندەی ئافرەتانی ئاسایی دەردەکەوێ.



## گیاندارانیش جوانکاری دەکەن



ئەوانــەی کاری لەم جــۆرە دەکــەن، دەبێ چــۆن بیر لــە ژیان بکەنەوە، کە هەڵساون بــە جوانکردنــی گیانداری بزن کە گشت جۆرە ئێکســـواریێکیان لــە گوێچکە و ســەری خســتووە، ئەوەی سەیر بێ وێنەشیان گرتووە و ئێستاش لە گشت جیهــان وێنــەکان دەبینرێــن، ئەمەیــە داهێنان و کاری جوان!






-کابرایەك باخچەیەکی ئاژەڵان دەکاتەوە و بلیتی چوونە ژوورەوە بە ٥٠٠٠ دینار دەفرۆشێت کەچی کەس ناچێتە ژوورەوە.. دەیکات بە ٣٠٠٠ دینار هــەر کەس ناچێتــە ژوورەوە، دەیکات بە ١٠٠٠ دینار هەر کەس ناچێتە ژوورەوە، ئەویش لە داخا دەیکات بە خۆڕایی. ســەیر دەکات بەرناکاوێت و پــڕ دەبێت لە خەڵک.. ئەویش لە داخا دەچێت دەرگای قەفەسی شــێرەکە دەکاتەوەو بەرەڵای دەکات و دەرگای سەرەکی باخچەکەش دادەخات و دەڵێــت چوونــە دەرەوە نەفــەری بە ١٥٠٠٠٠ دینارە...

***

-کابرایــەك ئۆتۆمبێلەکەی دەشــوات، بەڵام لەجیاتی ئەوەی یەکەم شــت سەقفەکە بشوات، دەچێت ڕەقەمەکەی دەشــوات، لێی دەپرسن بۆ؟ ئەویش دەڵێت: جارەێکیان لە ســەقفەوە دەســتم پێکرد کە گەیشــتمە ڕەقەمەکە ســەیر دەکەم ئۆتۆمبێلەکەی خۆم نییە...





ئا: فەرهاد محەممەد ئازگەیی

### ئاسۆیی:

١- مێژوونووس و نووسەرێکی کوردە.

٢- پایتەختی وڵاتێکی ئەمەریکیە(پ)- دەریاچەیەکە.

٣- وەکو یەك- جۆرە چەکێکە(پ) ڕەوشت(پ).

٤- دراوێکە- پێش نەخۆشی.

٥- نیوەی هیشو- شارۆچکەیەکە(پ) – سوار(ت).

٦- شــاعیرێکی کوردبوو- نیوەی ســامی – پایتەختی ئەورووپییە.

٧- هــەوی(ت)- نیــوەی غــەدر – ئەکتەرێکــی کوردە(پ).

٨- کچە گۆرانیبێژێکە – سێ پیتی نەمسا- دوو پیتی ساز.

٩- لاواز – ژمارە یەکە.

١٠- خواردنــی ئاژەڵە(پ) – ناوێکی کوڕانە(پ) وەکو یەك.

١١- پەیامبەرێکە(پ)- ئامێرێکی مۆسیقایە.

١٢- نووسەرێکی کوردە.

### ستوونی:

١- شاعیرێکی کوردبوو.

٢- کان(ت) – شاعیرێکی کوردبوو.

٣- نیوەی وازی – کانزایەکە – ژمارەیەکە.

٤- ســێ پیتی یوسف- شــاعیرێکی کوردبوو – گێژ.

٥- جۆرە تەلەفزیۆنێکە- وەکو یەك،.

٦- چیایەکی کوردستانە- ژمارەیەکە.

٧- ژێر- داستانێکە.

٨- بەدەم دەکرێت- سەرکردەیەکی کۆن بوو(پ).

٩- تــۆ- چیایەکی کوردســتانە- ســێ پیتی ئۆباما.

١٠- نەخێــر (پ)- پەیامبەرێکــە(پ). نەخێر (پ).

١١- شایی(پ)- هێژ(ت).

١٢- گۆرانی بێژێکی کوردە.

## مانای شتەکان لە خەون

گوڵ: لەخەودا پیاوێکی شکۆمەندو بەناوبانگ و بە شــەڕەفە، یان گەڕانەوەی ئەو خۆشەویستانەیە کــە دوورن لێت، گوڵ لێکردنەوە لە باخچە مانای پایــە بەرزی و بەدەســتهێنانی خۆشەویســتییە، هەروەها گــوڵ ئافرەتێکە یان جیــا دەبێتەوە یان دەمرێ، هەروەهــا وتراوە گــوڵ بازرگانیەتییەو نامێنێ یان خۆشــی و شادییە بۆ ماوەیەکی کەم بــەردەوام دەبێت، کوڕ و کچــی گەنج لە خەودا گوڵیان لە ســەر ســەربێت زەماوەند دەکەن، ڕۆنی گوڵ زیرەکییــە، بڕینــەوەی دارو درەختی گوڵ غــەم و خەفەتە، گوڵی زەرد نەخۆشــییە، گوڵی ســوریش پارەو جوانییە، گوڵی ســپیش پارەیەکی کەمە.

سەرچاوە:خەوننامە!

## بۆ زاخــاوی مێشک

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (دارەبەن) بوو

بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..



ئەم چوارگۆشانە بە پیت پڕ بکەرەوە کە لە کۆتایدا ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لە ماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە :

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٢+٣) کۆ بکەیتەوە بە مانای (خواردنەوەیەکە مرۆڤ بەبێ ئەو ناژی)
- پیتی خانەکانی (٣+٤) کۆ بکەیتەوە بە مانای (مێ بە زمانی بادینی)
- پیتی خانەکانی (٧+٦+٥+٤) کۆبکەیتەوە ناوی (کچە گۆرانبێژێکی کوردە)
- پیتی خانەکانی (٥+٤) کۆ بکەیتەوە بە مانای (ئەو شوێنەی ئاوی تێدا دەڕوا)